# سەرۆکی هەرێم، وەرە با.. یاسا پیادەکەین..؟؟!!

مستەفای حەسەنە گەورە/دانمارک
msto123@hotmail.com



بەشاهیدی زوربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ڕۆژنامەو میدیاکانی کوردستان ، زیاتر لە دە مانگە من لەهەوڵی بێ پسانەوەی ئەوەدام، کەکۆنە سەرۆک جاشێکی سەردەمی بەعس بدەمە دادگا، نەک هەرمن بەڵکوو زیاتر لە 45 خیزان و کەسووکاری قوربانیانی دەڤەری پشدەر. بەدوای بانگەوازی مندا داوای یاساییان لەسەر هەمان سەرۆک جاش و ئامۆزایەکی کەئەویش لەسەردەمی بەعسی گۆڕبەگۆڕا موستەشار بووەو خۆیی و سەدان لەجاشەکانی بەشداری ڕاستەخۆیان لە ئەنفال کردووە.
من سەرەتا لەنامەیەکی کراوە بۆ جەنابتان و پاشان بڵاوکردنەوی بەشێک لەناوی قوربانیانی دەستی ئەم کۆنە جاشەو گەڕانەوی بۆ کوردستان بۆ تۆمار کردنی داوای یاسایی و لەهەموو حاڵەتەکان وەک شاهیدی هەمیشە قسەم بۆ ڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کردووە. ئێوەش هەر لەسەرەتاوە بێ دەنگیتان هەڵبژارد جگە لەوەی، لەجیاتی ئەم سەرۆک جاشە رادەستی دادگا بکەی پارەیەکی زۆری لەلایەن تۆوە پێدراوە بۆ ئەوەی ڕێگری لەبەردەم هەوڵەکانی داگا بکا، بتوانێ سوڵحی عەشایەری بکات، هەڵبەتە کردووشیەتی، بەڵام هەموو کەس ئامادەنیە ئەم کارە قێزەوونە بکات.
خوێن لەبەرامبەر پارە، ئەوو جگە لەوەی بەشێک لەو پارەیەشی بۆ  تیرۆر کردنی من تەرخان کردبوو، کەمن ئەو کاتە هەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن وهەم ڕێکخراوی چاک بە نامەیەکی فەرمی جەنابتان و هەموو داموو دەزگا بەپرسەکان و تەنانەت ڕێکخراوی لێبوردنی نێو دەوڵەتیش لەوە ئاگادار کرایەوە، بەڵام ئێوە هەر بێ دەنگیتان هەڵبژارد. وەمن لەڕێگای هاوڕێیەکی دانمارکی کەجەنابت ئەناسێ، ویستم کۆتایی بەم کێشەیە بهێنین، ئەوەبوو لەڕێگای کاک فوئاد حسێن سەرۆکی سەرۆکی دیوان هەموو بەڵگەنامەو تەنانەت چاوپێکەوتنەکانی ئەم سەرۆک جاشە . کەبەڕاشکاوی ئەڵێ ئەبێ کاک مەسعود ئەمر بفەرموێ تا ئەو ئامادەی داگابێ، تەسلیم بە ئێوە کرد تۆش جەنابت وەک سەرۆکی هەرێم ، هەمیشە درووشمی ئەوەمان بۆ دووبارە ئەکەیتەوە کە یاسا لەسەرووی هەموو کەسێکەوەیە. جارێکی تریش هیچ وەڵامێکمان وەر نەگرت.
تاکە وەڵامێک ، ئەوەبوو قەڵەم جاشێکی سەر بەدەزگای پاراستن، کەزاتی ئەوەشی نەکردبوو ناوی خۆی بنووسێ منی بەوە تاوانبار کردبوو، کەمن بە فیتی دەزگای زانیاری هەوڵی داگایی کردنی ئەم کۆنە جاشە ئەدەم، منیش لەوەڵامێکی کورت و کرمانجێدا هەر ئەوەندەم بە م قەڵەمە ترسنۆکە ووت، دەزگای زانیاری و دەزگای پاراستن دوو ڕووی یەک دراون . وەک دوو دەزگای سەر بە دووحزبی حاکم لەکوردستان. لەڕوویەکی تریشەوە، ئەم دوو دەزگایە خاوەنی دەیان زیندانی نا یاسایین، کەبەداخەوە تاکە سەرۆک جاشێک  تاکە ئەنفالچیەک، تاکە بەعسیەکی کورد زمانی تێدا نیە ...؟؟؟

سەرۆکی بەڕێز، من ئەمجارە زۆر بە هێمنی لەگەڵتا ئەدوێم، وە حەز ئەکەم دوو شت بیری هەموو لایەک و پێش هەموویان بیری جەنابتی بخەمەوە.
یەکەم.، لەکاتی سەرکەوتنی هەموو شۆڕش و بزوتنەوەیەکی حەق خوازیدا، لەکاتی سەرکەوتنی شۆڕشا، ئەوانەی ناپاکیان کردووە، یاخود لە ئۆردووی بەرەی دوژمن بوون، یان ئەکەونە بەر شەپۆلی نارەزایەتی خەڵک و بەسزای خۆیان ئەگەن، یان لەداگایەکی ناوچەیی یان جیهانیدا دادگایی ئەکرێن و گۆشەی زیندان دوا مەنزڵگای ژیانیا ئەبێت. یان ئەوەتا لانی کەم لەکاتی لێخووشبوونیشیانا ئەوانە کەزۆر تاوانبار نین و دەستیان سوور نەبووە بە خوێنی کۆمەڵانی خەڵک، بۆ هەتا هەتایە سەر شۆڕو خەجاڵەتی کۆمەڵگا ئەبن. کەچی لەکوردستان ڕێک بە پێچەوانەوە، ئۆباڵی هەرە گەورەش لەئەستۆی جەنابت دایە، یەکەم وەک سەرۆکی هەرێم، دووەم تۆ لەساڵی 1991 وەک سەرۆکی بەرەی کوردستانی ئەوسا،

پێش هەر کارێکت لێبوردنت بۆ ئەم سەرۆک جاشوو ئەنفالچیانە دەرکرد، ئەمە جگە لەوەی لەهەموو دنیادا حەقی گشتی هەیەو حەقی تاکە کەسی هەیە، تۆ هەرگیز ناتوانی لەجیاتی کەسوو کاری قوربانیان بڕیار بدەی، ئەوە ئێمەین تەنیا خاوەنی ئەم بڕیارەین، . ئێمەش تەنیا ئەبێ کێشەکانمان لەدادگا یەکلا بێتەوە. نەک بەبڕیارێکی حزبی و حکومی.

دووەم.، لەهەموو دەورو زەمانێکا، دەسەلاًت ئەبێ حەق و عەدالەت فێری خەڵکی بکا، ئەبێ سەرۆک ڕێنوێنی جەماوەر بکات بۆ ئەوەی پابەند بن بەیاساوە، کەچی لای جەنابتان دیسان کارەکە بە پێچەوانەوەیە، ئەوەمنم وەک هاولاًتیەکی ئاسایی داوای پیادەکردنی یاسا ئەکەم، ئەوە منم بە تەنیا شانم داوەتەبەر داوای دادگایی کۆنە سەرۆ جاشیک ئەکەم کە زیاتر لە 100 کەسی زیاتر شەهید کردووە، هەڵبەتە بەپشتیوانی ڕاستەوخۆی ناوەندی چاک و کەسووکاری سەربەرزی قوربانیانی دەستی ئەم کۆنەجاشە، خۆشبەختانە ئەوەندەم زانیاری و بەڵگە ی وورد لایە ، کەهەم وەک داواکارو هەم وەک شاهید، ئەگەر خوا کردی جەنابت دڵت نەرم بوو بڕیارت دا ئەو کۆنە جاشە ڕادەستی داگا بکەیت، ئەوا بەبەر چاوی هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن . بۆتان ئەسلمێنم کەئەو تاوانبارە کێیەو... داڵدە دانی لای تۆوە چەند زەرەر بە سومعەی جەنابتان ئەگەیەنێت.

هەر وەک جەنابی لەدوا چاو پێکەوتنی هەفتەنامە میدیا ئەڵێ ئەو ئامادەیە بێتە داگا ، کاتێ دادگایی کردنەکە لە هەولێر و لەژێر سایەی پارتیدا بێت، مەرجی دووەمی ئەوەیە ، بە هەموو عەقڵی خۆیەوە دادگایەکەی ئەبەسێتەوە بە دادگایی کردنی کاک کۆسرەت، ئەم بەراورد کردنە بێ مانایەی عەباس بایزی تاوانبار، وەک ئەوەیە وایە تف لە ئاسمان بکەیت لای موسڵمانێکی پلە یەک، تۆ لەکوێو کاک کۆسرەت لەکوێ، هەڵبەتە کاک کۆسرەتیش ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ داگا لەسەر ڕووداوی تەقینەوەکەی زاخۆ. بەلاًم کۆنەجاشەکەی لای جەنابت هیچ هەواڵی نەبوو.؟؟؟

منیش بەدادگایی کردنی لەهەولێر ڕازیم ، تەنیا دوو مەرجم هەیە، یەکەم دادگایەکی کراوە لەبەر دەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن، دووەم سەلامەتی گیانم پارێزراو بێت.

ئەو قسەو باسانەم درێژەی ئەبێت لەگەڵ سەرۆکی هەرێما ، تا دادگایی جاشەکان.